www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 30-12-2007 21:22

## عێراق بەرە و ئارامی و کورد لەبەردەم هاوکێشەیەکی سیاسی نوێدا! ... سامان عەلا

لەپاش سەدام، عێراق پێی نایە قۆناغێکەوە کەهەرگیز رابردوی عێراق، رۆژگارێکی لەم چەشنەی بەخۆوە نەدیبوو، سەردەمێك هاتە ئارا، کەخەونی ئازادی و خۆشگوزەرانی و دەسەلاتێکی ناستەمکار، باڵی بەسەر زهن و مێشکی گەلانی عێراقدا کێشا، بەلام مەخابن پەرۆشی دەسەلاتداریێتی و جڵەوکردنەوەی دەسەلاتی تاکلایەنە، لەعێراقێکی وێران و بێسەر و بەردا، باری ئارامی هەرزوو شێواند و ئەوخەونە وەنەوەشەییەی عێراقیەکانی زوو زڕاند و لەبری ئەوە، ماڵوێرانی و ئاوارەیی و دروسبوونی قەسابخانەیەکی گەورەی مرۆیی بەدوای خۆیدا هێنا، تاکە هێز و لایەنێك لەعێراقدا کەزیاد لەهەموان دەورێکی ئاشتی ئامێزی بینی هەم بۆ هێورکردنەوەی بار و دۆخەکە و هەم بۆ پێکەوە ژیانێکی هاوچەرخانە هێزی کوردی بوو کە تائەم ساتەش لەسەر ئەم هێڵە کاردەکات و گەرەکیەتی هاوکێشەی سیاسی عێراق بەچەشنێك بێت کەم تازۆر هەموو پێکهاتەکانی عێراق بەشداربن لەڕاگرتنی بار و دۆخەکەدا. بەپێچەوانەشەوە هێزەکانی دیکەی عێراق جیا لە ووتە راگەیەنراوەییەکانیان کاردەکەن و بەهەموو شێوەیەك دەیانەوێت نرخ و ئەرزشی هێز و بەشداری کورد لەعێراقدا کەمبکەنەوە و هەر رۆژە بەبڕوبیانوویەك خۆیان دەدزنەوە، تەنانەت ئەم خۆ دزینەوەیە گەیشتۆتە رادەیەك کەبنەما دەستووری و سیاسیەکانیش بەبەرچاوی هەموانەوە پێشێل دەکەن... !

لەلایەکی دیکەشەوە ئەوکوشتارگایەی کە لەعێراقدا روویدا وکەهەر دەشبوو رووبدات، ئەم رۆژانە هێور و کەمبۆتەوە، بێگومان کەمبوونەوەی پەشێوی لەعێراقیشدا هاوکێشەیەکی نوێ دێنێتەئارا، کە هێزە نەیارەکانی کورد زیاتر لێك نزیکدەکاتەوە و دەوری کورد کەمدەکاتەوە و کە رەنگبێت تارادەی پەراوێزخستنیش!

بەداخەوە مساوەمە و نەرمی نواندنی ئێمە لەودەمەی کەهێزێکی زۆر گەورەی عێراق بووین، باجەکەی ئەمڕۆ دەیدەین کەهێزەکانی دیکەی عیراق جێگیرو خاوەن هێزی مادی و ئابووری بێشومارن، بێگومان لەمجۆرە هاوکێشە سیاسیەی ئەمڕۆدا، ئێمە زیاد لەهەمووکاتێك پێویستمان بەسازش و ئەقڵی دبلۆماسیانەیە، ئەودەمەی کەخاوەنی هێزو توانای زۆربووین نەمانتوانی زۆرێك لەداواکاریەکانمان بپچڕین، ئەمڕۆکە کەزۆربەی لایەن و هێزە ناوخۆییە دەرەکیەکان لەکوێ دەهێڵن ئێمە هەنگاوێك زیاتر بچینەپێش، لەکاتێکدا وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لەم دواییەدا رێنماییمان دەکات، کەچی دی خۆمان بەمێژووەوە گرێ نەدەین، بەڵکو مامەڵە لەگەڵ ئەم واقعەی ئەمڕۆدابکەین!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.